له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# ئاگاداركردنەوەی كچانی خوێندكار لەهەندێك تاوان و سەرپێچی

ئامادەكردنی

میهرەبان محمد

پێداچوونەوەی

مامۆستا محمد عبد الرحمن

---

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إنَّ الحمد لله نستعينه ونستهديه ونستغفره ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا، من يهده فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له ، وأشهد أن لا إله إلا الله ، وأنَّ محمدا عبده ورسوله .. أما بعد..

چاكێتی كچی موسڵمان گەورەترین بنەمایە بۆ پێك هێنانی كۆمەڵگایەكی چاك ، وە كچی چاكەكار هەموو لێدانێكی دڵی سۆز و بەزەیی‌یە و لاولاوی پەیداكردنی درەوشانەوەی گەلەكەیەتی ، ئەگەر دڵی تووشی نەخۆشی تاوان بێت ئەوا لێدانی سست دەبێت و لە ئیش دەكەوێ و كۆمەڵگا لەناو دەچێت و سەرناكەوێت .. وە كچی چاكەكار دەست كەوتێكی گەورەیە چونكە لە داهاتوودا دەبێتە هاوسەرێكی نموونەیی و چاك خواز ، دایك و بەخێوكەرێكی دڵسۆز بۆ نەوەكانی گەل .. وە هەموو خوڕەوشتێكی باش فێری منداڵ و خوێندكارانی دەكات.. دایك وەك قوتابخانە وایە ، ئەگەر باش و چاكەكار بێت ئەوا نەوەیەكی چاكەكار پەروەردە دەكات و بەبەرهەم دێنێت ..

**خوشكی موسڵمان**.. بۆ ئەوەی ڕێگاكانی فێربوونی زانست بە ڕوونی بزانیت ، وە خۆت بپارێزی لەتووش بوون بە تاوان و سەرپێچی ، ئەمانە چەند سەرپێچی‌یەكن كەڕوو بەڕووی كچانی خوێندنكار دەبنەوە :

## ١ ـ نەبوونی دڵسۆزی لە فێربوونی زانستدا :

ژیانی کچی موسڵمان هەموو پەرستن و عیبادەتە بۆ خوای گەورە ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾ (سورة الأنعام : ١٦٢) ،

واتە: بڵێ نوێژ و خواپەرستی و مانەوەم و مردنم بۆ خوای پەروەردگارە.

وە فێربوونی زانست لە پێناوی خوا و مەبەستت لەو فێربوونە خواپەرستی و ڕەزامەندی خوا بێت ئەوا خێر و پاداشتت دەستگیر دەبێت ، ئەگەر بە دڵسۆزی یەوە بۆ خوا بیکات بە مەبەستی نەهێشتنی نەخوێندەواری و نەزانین لەسەر خۆی و کۆمەڵگاکەی ئەوەی کە فێری دەبێت لە زانستی ئایینی و پزیشکی و زانستە بەسوودەکانی تر ، وە ڕووپامایی لە فێربوونی زانستدا ترسناکترین سەرپێچی یە لەبیروباوەڕدا ، چونکە ڕووپامایی (ریاء) بەشێکە لە هاوەڵ بڕیاردانی بچووك (الشرك الأصغر) وە لە تاوانە گەورەکانە پاش هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((من تعلم علما مما يبتغي به وجه الله عز وجل لا يتعلمه إلاَّ ليصيب به عرضا من الدنيا لم يجد عرف الجنة يوم القيامة)) رواه أبو داود..

واتــە: هـەر كەسـێك فێـری زانسـتێك ببـێ كـە مەبەسـت تێیـدا پاداشـتی خـوای گەورەیە ، بەڵام ئەو فێری نابێت ئیللا لەبەر شتێكی دونیـایی ئـەوا ئـەو كەسـە لـە ڕۆژی دوایدا بۆنی بەهەشت ناكات .

وە (جوندوب)ی كوڕی (عبدالله) خـوای لێ ڕازی بێـت دەڵێـت: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویەتی: (( من سمع سمع الله به ، ومن يرائي يرائي الله به)) رواه البخاري ومسلم..

واتــە: هەركەسـێك بـۆ ناوبـانگ دەركـردن كـار بكـات ئـەوا خـوا ناوبـانگی دەشكێنێت ، وە هەركەسێك بۆ ڕووپامایی كار بكات ئەوا خوا لە پێشچاوی خەڵكدا ئابڕووی دەبات .

بۆیە كچی موسڵمان دەبێت نیازی پاك بێت لە فێربوونی زانستدا ، وە ویسـتی پاداشتی خوای گەورە بێت هەرچەندە ببێتـە خـاوەنی بڕوانامـە و پلـەو پایەیـەكی بەرزیش .

### ٢ ـ لێهەڵدان ( ناڕەزایی ) لە فێربوونی زانستی شەرعی:

ئیسلام بە پێویستی داناوە كـە كچـی موسـڵمان دەبێـت پێگەیشـتوو بێـت لـە ئایین و بیروباوەڕی دا گەر چی ئەو كچە خوێندكار بێت یان پیشەیەكی دی هەبێت ، چونكە بەندایەتی و خواپەرستنی زانست و شارەزایی دەوێت. وەك خوای گـەورە

دەفەرموێ: ﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۗ ﴾ (سورة محمد :١٩)

واتە: بزانە كەهیچ پەرستراوێكی تر نی یە شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوا و داوای لێ خۆشبوون بكە لە خوا بۆ گوناهی خۆت وپیاوان و ئافرەتانی ئیماندار .

وە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا يَخۡشَى ٱللَّهَ مِنۡ عِبَادِهِ ٱلۡعُلَمَٰٓؤُاْۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ ﴾ (سورة فاطر ٢٨) واتە: تەنها بەندە زاناكان لەخوا دەترسن.

وە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((من يرد الله به خيرا يفقه في الدين)) ، واتە: خوا چاكەی بەهەر كەسێك بوێت ئەوا شارەزای دەكات لە ئایین.

وە هەندێ لەكچانی خوێندكار خوا هیدایەتیان بدات فێری زانستی سوود بەخش دەبن وەك پزیشكی بەڵام لایەنی خواپەرستی و بنچینەكانی باوەڕ پشت گوێ دەخەن بەمەش خێر و پاداشتی زۆریان لەدەست دەچێت ! دەبینین هەندێكیان نەزانن لە حوكمەكانی پاك بوونەوە و حەیز و نوێژكردن هەرچەندە لێهاتوون لەو پسپۆرەی كە خوێندوویەتی. چاكترە كچی موسڵمان بزانێت ئامانجی بوونی لە ژیاندا تەنها بۆ خواپەرستی یە وە مافی تەواو بە خواپەرستی بدات لەو زانستەی كە فێری دەبێت ، چ لەڕێگەی كاسێت و كتێبەوە بێت یان بەشداری

كردن لە كۆڕە زانستیيەكان یان هۆیەكی تری فێربوون بێت بە پێی توانا ، چونكە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((طلب العلم فريضة على كل مسلم)) ، واتە: گەڕان بەدوای زانست و فێربوون فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانێك .

## ٣ ـ بە تەنها بوون لەگەڵ شۆفێر لە كاتی ڕۆشتن و گەڕانەوە لە خوێندنگا :

تەنهایی كچ یان ئافرەت لە گەڵ شۆفێری پیاودا شەرع نەهی لێ كردووە. پرسیاریان لەزانای پایەبەرز شیخ عبدالعزیز بن باز كرد حوكمی ئەوە چیيە كە ئافرەت لە گەڵ شۆفێر بە تەنها بێت؟ لەوەڵامدا ووتی: جائیز نیيە ئافرەت بە تەنها لە گەڵ شۆفێرێك كە مەحرەمی نەبێت وە كەسێكی تریان لە گەڵ نەبێت چونكە ئەمە حوكمی (الخلوة)یە.

وە لە فەرموودەی صەحیحدا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((لا يخلو رجل بامرأة إلاَّ ومعها ذو محرم)) ، واتە: نابێت پیاو بە تەنها بێت لە گەڵ ئافرەت تا مەحرەمێك لەگەڵ ئافرەتەكە نەبێت.

وە دەفەرموێ (ﷺ) : (( لا يَخلون رجل بإمرأة فإن الشيطان ثالثهما)) ، واتە: پیاو و ئافرەت تەنها نابن ئیللا شەیتان سێیەمیان دەبێت.

بەڵام قەدەغەی نەكردووە ئەگەر پیاوێك یان ئافرەتێكی تر لە گەڵیان بێت چونكە خەلوەت نامێنێ ئەگەر سێ كەس یان زیاتر بوون ، بەڵام سەفەر لە شارێكەوە بۆ شارێكی دی جائیز نیيە ئەگەر مەحرەمێكی لە گەڵدا نەبێت بە پێی

فەرموودەی پێغەمبـەر (ﷺ) : ((لا تسافر المرأة إلا مع ذي محرم)) متفق عليه.. واتـە: نابێت ئافرەت بە تەنها سەفەر بكات ئەگەر مەحرەمێكی لە گەڵدا نەبێت ، وە هـیچ جیاوازی یەك نی یە ئەگەر سەفەرەكە بە ئۆتۆمبێل یان بە تەیارە یان بـە كەشـتی بێت.

برا متمانە بەبرا ناكات بۆ خێزانی چونكە پیـاوان بـۆ ئافرەتـان متمانـەیان پـێ ناكرێت چـونكە هەرچـەندە هـەوڵی پارێزگـاری بـدات هـەر بەنـەزەرێك خیانـەتی لێ دەكات.

## ٤ ـ پابەندنەبوون بە پۆشاكی شەرعی یەوە :

لەو سەرپێچـی یانـەی كـە زۆر بـاوە لـەناو كچـانی خوێنـدنگا پەیڕەونـەكردنی بالآپۆشی شەرعی و پشت گوێ خستنی ئەو مەرجانەی كە تەواوكەری بالآپۆشین.. وە ئاشكرایە كە بالآپۆشی خوا فـەرزی كـردووە لەسـەر ئافرەتـانی موسـڵمان، وە مەرجـەكانی ڕوون كردووەتـەوە بـۆ ئـەوەی بناسـرێت و جیـاواز بێـت لـەو جـل و بەرگانەی كە پێچەوانەی شەرم و ڕەوشت جوانین و هۆی بەدڕەفتاری و تاوانن..

خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ٥٩ ﴾ (سورة الأحزاب : ٥٩) ، واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بڵێ بە خێزانەكانت و

کچەکانت و ئافرەتانی باوەڕدار با عاباکانیان بدەن بەسەر سەرو لەشیاندا چونکە ئەوە پارێزراوترە و پێی دەناسرێن و ئازار نادرێن وە خوا بەبەزەیی و لێبوردەیە.

## مەرجەکانی بالأپۆشی ئەمانەن بە پێی قورئان و سوننەت:

١ـ دەبێت هەموو لەشی ئافرەت دابپۆشێ.

٢ـ پارچەکە ئەستوور بێت نەك ناسك و تەنك بێت و ئەوەی ژێری دەربخات.

٣ـ فراوان بێت و تەسك نەبێت بە شێوەیەك ئەندامانی لەشی دەربخات.

٤ـ نابێت لەجلی پیاوان بچێت.

٥ـ نابێت بۆن خۆش بێت.

٦ـ نابێت لە شێوەی جلی بێ باوەڕان بچێت.

٧ـ نابێت بۆ شوهرەت (ناوبانگ) لەبەری بکات.

٨ـ نابێت ڕازاوە و سەرنج ڕاکێش بێت .

بیرت نەچێت خوشکی خوێندکارم ئەو هەڕەشە توندوتیژەی کە پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی پێ داوە بۆ ئەو کەسانەی کە کەمتەرخەمی بە بالأپۆشی دەکەن دەڵێت : ((صنفان من أهل النار لم أرهما : قوم معهم سياط كأذناب البقر يضربون بها الناس ، ونساء كاسيات عاريات ، مميلات مائلات رؤوسهن كأسنمة البخت

المائلة ، لا يدخلن الجنة ولا يجدن ريحها وإن ريحها ليوجد من مسيرة كذا وكذا)) رواه مسلم ..

واتە: دوو جۆر لە خەڵكی دۆزەخ هەن من نەیانم بینیوە : كۆمەڵە كەسانێك قامچی‌یان پێیە وەك كلكی مانگا وایە پێ‌ی دەدەن لە خەڵكی ، وە كۆمەڵە ئافرەتانێك داپۆشراون و لەهەمان كاتدا ڕووتن ، وە بە لارولەنجە بە ڕێگادا دەڕۆن و سەرنجی خەڵك بۆ لای خۆیان ڕادەكێشن ، وە سەریان وەك دووگی حوشتر وایە ، ئەم دوو كۆمەڵە ناچنە بەهەشتەوە وە بۆنیشی ناكەن هەرچەندە بۆنی بەهەشت لەدووری ئەوەندە و ئەوەندە دێ.

### ٥ ـ شانازی كردن بەجل و بەرگی سفوری و مۆدەوە:

ئەوەی بڵاوە و ناوبانگی هەیە و كچ و كوڕی گەنج سەرقاڵین ، ئەوەیە كە ناوی مۆدێلی لێ دەنێن ، مەبەستیش ئەوەیە شوێنی ئەو جلانە بكەون مانگ بە مانگ و وەرز بە وەرز ، ئەمەش كارێكی داهێنراوە لەم ساڵانەی دوایدا لای موسڵمانان بەدی دەكرێت ، مەبەستیان زانینی ڕادەی توانای كوڕان و كچانە بۆ لاسایی كردنی كوێرانە ، ڕەنگە گەورەترین هۆكاری گرنگی پێدان بە مۆدێل شانازی و خۆهەڵكێشان بێت ، چونكە بناغەی كێشەكە تەنها لەبەركردنی جل و بەرگی نوێ نی‌یە بەڵكو مەسەلەی لاسایی و شانازی‌یە ، ئەمەش پێویستی بە زیادەڕەوی و بە فیڕۆدانی پارەیە و داماڵین و لەناوبردنی شەرم و ئابڕووی كچانە ، ئەمە بەڕاستی

ژەهراوێكە كە زۆربەی كچان تیایدا دەژین ، دەبینین بیر و مێشكیان پێوە پەیوەست بووە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكاندا بە دوایدا دەگەڕێن و لە بازاڕ و دوكانەكاندا هەواڵی دەپرسن بۆ ئەوەی نەبنە جێگای گاڵتە پێكردنی دۆست و هاوڕێكانیان ئەگەر شتێكی تازەیان بەسەر بچێت .

### ٦ ـ بایەخدانی زۆر بە گۆڤارە خراپەكان :

هەندێ خوێندكاران هیوایەتیان هەواڵی هونەرمەندان و گۆرانی بێژەكانە ، وە هەوڵی بەدەست هێنانی ئەو گۆڤارانە دەدەن كە پڕە لە وێنە و ووتاری بێ ئابڕوویی ، دەبینین بیرو هۆشیان بەو جۆرە گۆڤار و دەنگ و باسانەوە سەرقاڵ دەكەن ، ئەمەش هۆیەكە بۆ سستی و دواكەوتن لە خوێندندا ، بەڵكو ئەو گۆڤار و بڵاوكراوانەیە ژەهر دەڕێژێت بۆ كوشتنی هیوا و ئاوات و باوەڕ لە دڵی كچاندا ، وە هۆیەكە بۆ بە فیڕۆدانی پارە و كات ، پێویستە خوشكی دیندار لەو پەڕی وورییایی‌دا بێت ، وە كۆنترۆڵی هەواو ئارەزووەكانی بكات و هەڵنەخەڵەتێ بە وێنەی ڕازاوە و سەرنج ڕاكێش و ڕێگای سەلامەتی و سەرفرازی هەڵبژێرێ و دووربكەوێتەوە لە هۆكارەكانی تاوان و سەرپێچی ، چونكە گرنگی دان و سەیركردنی ئەو گۆڤارانە دەبێتە نەخۆشی دەروونی و وێران بوونی ماڵ ، وە تووشی نەزەر و سەرپێچیت دەكات ، وە خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَٰتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَٰرِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ ﴾ (سـورة النـور : ٣١) ، واتە: بە ئافرەتانی باوەڕدار بڵێ با پارێزگاری لە چاویان بكەن لەسەیر كردنی پیاوان و شتی حەرام و دامێنیان بپارێزن لە كاری خراپە.

٧ ـ **بێزاركردنی خەڵك بە تەلەفۆن** (المُعاكسة) :

ئەمەش لەناو خەڵكدا دەنگ و باس و شوێنەوار و زەرەری ئاشكرا و ڕوونە ، چونكە دەبێتە هۆی لەناوچوونی شەرەف و لەدەستدانی ئابڕوو ، كچی موسڵمانیش لەوە ژیر ترە كە هەنگاو بۆ جێگایەك بنێ ئابڕوو و ناموسی تێدا لەناو بچێت .. بەو باوەڕ و بیر و مێشكەت پارێزگاری لە خۆت بكە و دووربكەرەوە لە خراپە و شەرمەزاری. خوای گەورە دەفەرموێ :﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّبِعُوا۟ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ ۚ وَمَن يَتَّبِعْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَإِنَّهُۥ يَأْمُرُ بِٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ ﴾ (سورة النور : ٢١) ، واتە: ئەی ئەوانەی كە باوەڕتان هێناوە مەكەونە دوای هەنگاوەكانی شەیتان ، وە هەركەس بكەوێتە دوای هەنگاوەكانی شەیتان ئەوا تووشی تاوان و خراپە دەبێت.

٨ ـ **سەرسام بوون** (الإعجاب):

ئەمەش بەڵایەكە لە نێو ئافرەتاندا بەدی دەكرێت ، سەرەتاكەی تێڕوانینێكە وەك تیرێكی ژەهراوی دەدات لە دڵی خاوەنەكەی ، پاشان ئارەزوویەكی بەدە ..

كۆتاییەكـەی خۆشەویسـتییەكی بـێ چـارەیە ، وە ترسـناكترین نەخۆشـی هەناوییە و دەبێتە هۆی لێك بوونەوی دەروون ، چونكە خۆشەویستی بۆ غـەیری خـوا پاڵنەرەكـەی ئـەوین و عیشـقێكی حەرامـە ، دەبیـنین هەنـدێ كـچ سەرسـام (مُعجب) دەبن بە كچێكی وەك خۆیان لەبەر جوانی و ژیری و ڕەفتـاری پەیوەسـت دەبێت بەو كچەوە و خۆشـی دەوێـت ، وە ئـەو خۆشەویسـتی یـە دەبێتـە هـەموو پیشە و كارێكی و خۆی پێوە سەرقاڵ دەكات ، بێ ئـەوەی حـەرام و حـەڵاڵ لێـك جیابكاتەوە.

ئەوانە هەمووی نیشانەی خەم و بەد بـەختی یـە ، چـونكە سەرسـامی كـچ بـۆ كچێكی تر ویست و ئارەزوویەكی بێ ئامانجە و پێچـەوانەی ئایینـە ، بۆیـە تووشـی مەراق و خەفەت دەبێت وە بە هۆی نەگەشتنی بە ئامانجەكەی گیرۆدەی نەخۆشی هەناوی دەبێت ، خوشكی موسڵمانم وورپای ئەم دەردە كوشـندەیە بـە ، وە بزانـە خۆشەویستی تەنها بۆ خوایە.

## ٩ ـ هاوڕێیەتی كچی بەد ڕەوشت:

ترسناكترین سەرپێچی كە كچی خوێندكار ئاگای لێ نییـە هاوڕێیـەتی كچـانی بـێ ڕەوشـت و متمانەكردنـە پێیـان ، وە گۆڕینـەوەی ڕێـز و خۆشەویسـتی خوشكایەتی لە گەڵیان ، هەندێ جار كچ خاوەنی ڕەوشتی جوان و پڕ لـە شـەرم و كردەوەی چاكە، بـەڵام دووچـاری هاوڕێیـەكی خـراپ دەبێتـەوە و هـەموو خـوو و

سیفەتێكی باشی تێدا دەكوژێت و فێری هەموو بەدڕەوشتی یەكی دەكات ، شەونەخەوتن بە دیار كەناڵە ئابڕوو بەرەكان و بێزاركردنی خەڵك بە تەلەفۆن و گەڕان بە دوای گۆڤارە بەرەڵاییەكان و .. هەموو باشییەكان دەگۆڕێت بۆ خراپە و ئەوەی كە زەرەری تێدایە.

خوشكی موسڵمانم بزانە كێ هەڵدەبژێری و دەیكەی بە هاوڕێت ، چونكە هاوڕێیەتی كەسی باش هەڵس و كەوتی باشت فێردەكا ، وە كەسی خراپیش بە پێچەوانەوە ڕەوشت و ڕەفتاری خراپی لێوە وەردەگری. وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ : (( إنما مثل الجليس الصالح وجليس السوء كحامل المسك ونافخ الكير فحامل المسك : إما أن يحذيك ، وإما أن تبتاع منه ، وإما أن تجد منه ريحة طيبة ، ونافخ الكير : إما أن يحرق ثيابك ، وإما أن تجد منه ريحة متنة)) .

واتە: نموونەی هاوڕێی باش و هاوڕێی خراپ وەك هەڵگری میسك و كوورەوان وایە: هەڵگری میسك یا بۆنی خۆشی پێ دەدات یان لێی دەگریت یان بۆی خۆشی لێدەبینیت ، بەڵام كوورەوان یا جلەكانت دەسوتێنێ یان بۆنی خراپ و گەنیوی لێدەبینیت .

## ١٠ ـ دواخستنی مێردكردن :

هەندێ كچ مێرد ناكەن یان مێرد كردنیان دوادەخەن بە بیانووی تەواوكردنی خوێندن ، وە ئەم بیانووە پەسەند دەكەن بەسەر پێكهێنانی خێزانێكی موسڵمانی

بەختەوەر ، وە كچی ژیر دەبێت هەموو مەسەلەیەك بەپێی شەرع و ژیری لێك بداتەوە ، وە پەسەندی ئەوە بكات كە سوودی ئایین و دونیای تێدا هەیە بۆی ، خوێندن ڕێگر نیە بۆ هاوسەركردن ، ئەتوانێت مێرد بكات و لەهەمان كاتدا خوێندنەكەشی تەواو بكات ، دەبینین زۆربەی كچان تەواوكردنی خوێندن دەكەنە گەورە ترین ئامانجیان و بیر لەوە ناكەنەوە كە پێویستیان بەژیانی هاوسەرێتی و منداڵ و دایك هەیە.

یەكێك لە كچە بە تەمەنەكان دەڵێت: لە تەمەنی پازدە ساڵیدا بووم بەردەوام خوازبێنی كەرم دەهات و ڕەفزم دەكرد بە بیانووی ئەوەی كە دەمەوێت ببم بە پزیشك ، ڕۆشتمە زانكۆ و مێردكردنم ڕەفز كرد و دەموت دەمەوێ چاكەتی سپی لەبەر بكەم ، تا تەمەنم گەشتە سی ساڵ ، ئەو كات ئەوانەی دەهاتن بۆ خوازبێنیم پیاوانێك بوون كە خێزان و منداڵیان هەبوو وە منیش هەر ڕەفزم دەكرد و دەموت پاش ئەم هەموو هەوڵ و ماندوو بوونە مێرد بكەم بە پیاوێكی خاوەن هاوسەر ، ئەمە چۆن دەبێ ؟! خاوەن پارە و بنەماڵەی بەرزم و مێرد بكەم بە كەسێكی خێزاندار! ! وە كاتێك گەشتە تەمەنی چل و پێنج ساڵی دەیوت : تەنها مێردێكم بدەنێ ! !

### ١١ ـ خۆ سەرقاڵ كردن و گوێ نەدان بە ئەركەكانی خوێندنگا :

ئاشكرایە ئامانجی هەموو خوێندكارێك سەركەوتنە لە خوێندنەكەی ، ئەمەش هەوڵ و كۆشش و ماندوو بوونی دەوێت ، بۆیە دەبێت كچی خوێندكار نەخشەی گونجاو دابڕێژێت ، وە كاتەكانی دابەش بكات و ڕێكی بخات بۆ ئەنجامدانی خوێندن و نووسین و دووبارە كردنەوەی ئەركەكانی ، وە نابێت كات بەسەر ببات بە سەیر كردنی تەلەفزیۆنەوە و قسە كردن بە تەلەفۆن و زۆر نووستن ، چونكە هەموو ئەوانە كات بە فیڕۆ دەبەن و دەبنە هۆی لاوازی و سەرنەكەوتن لە خوێندن.

### ١٢ ـ سوود وەرنەگرتن لە پشووەكانی خوێندن :

پشووی هاوین دەرفەتێكی نایابە بۆ خوێندنەوەی كتێب و لەبەر كردنی قورئان ، ئەگەر كچان كەم تەرخەمی نەكەن و بە فیڕۆی نەدەن ئەوا خێر و پاداشتی باش بە دەست دێنن ، بەڵام زۆربەی كچان پشووەكانیان بە خەوتن و سەیر كردنی تەلەفزیۆن و كۆڕو كۆبوونەوەی بێ بایەخەوە بە سەر دەبەن ، بە پێچەوانەی كچی ئیندداری ژیر كە پلانێكی ڕۆژانە دادەنێت بۆ لەبەركردنی هەندێ قورئان و بەشداری كردن لە خولەكانی فێربوونی تەجوید و فیقه .

### ١٣ ـ پشت هەڵكردن لە خزمەتی دایك و باوك :

زۆربەی كچان خوێندن دەكەن بە بیانوو بۆ ئەوەی خۆیان بشارنەوە لە یارمەتی دانی دایكیان لە ئیشی ناو ماڵ ، بەردەوام خۆیان سەرقاڵ دەكەن بە

سەعی كردن لە كاتێكدا دایكیان نوقمی پاك و خاوێنی ماڵ و چێشت لێنان و نان دروست كردن و بەخێوكردنی منداڵە.

ئەمەش عقوق و سەرپێچی یەكە كە خوا سزاكەی دەخاتە دونیاوە ، چونكە كچ دەتوانێت یارمەتی دایكی بدات و پاشان خوێندنیش بكات.

وە ئەگەر كاتی بۆ نەڕەخسا بۆ ئەنجامدانی هەردووكیان پێكەوە ، پێویست وایە بە گوێ كردنی دایكی و باوكی پێش هەموو ئیشێك بخات بە پێچەوانەوە ئەگەر نەیخات دەبێت بە سەرپێچی بۆ فەرمانی خوا ، خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَانًا وَذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ ﴾ (سورة البقرة : ٨٣) واتە: لە گەڵ باوك و دایكدا چاكەكار بن و هەروەها لە گەڵ خزم و یەتیم و هەژارانیشدا .

١٤ ـ **دەرچوون لە ماڵ بێ كاری پێویست** :شەرع ڕێی نەداوە بە دەرچوونی ئافرەت لە ماڵەكەی بێ كارێكی پێویست ، خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ وَقَرْنَ فِى بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ ٱلْأُولَىٰ ﴾ (سورة الأحزاب : ٣٣) ، واتە: لەماڵەكانی خۆتان ئارام بگرن و ببمێننەوە ، وەك سەردەمی نەفامی خۆتان مەڕازێننەوە و ڕووت مەكەنەوە.

## ١٥ ـ ڕۆشتن بۆ لای تاڵەگران ( فاڵچی یەكان ):

هەندێ كچ دەچن بۆ لای تاڵـەگران بـۆ زانینـی بـەختی خۆیـان لـە خوێنـدن و مێردكردن و شتی تر ، وە ئەمانەش هەمووی هاوەڵبڕیاردانـە (شیرك)ــە كـە خـوای گەورە نەهی لێ كردووە ، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((من أتى كاهنا فصدقه بما يقول فقد كفر بما أنزل على محمد)) واتـە: هەركەسـێك بـڕوات بـۆ لای تاڵـەگر و بـاوەڕی پـێ بكـا بـەوەی دەیڵێـت بـۆی ئـەوا بـێ بـاوەڕ دەبـێ بـەوەی كـە خـوا دایبەزاندووە بۆ محمد (ﷺ) .

وە لە فەرموودەیەكی تردا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ : (( من أتى عرافا فسأله عن شيء لم تقبل له صلاة أربعين يوما)) واتـە: هەركەسـێك بـڕوات بـۆ لای تاڵـەگر و پرسیار دەربارەی هەرشتێكی لێ بكات ، ئەوا تـا چـل ڕۆژ نوێـژی لێ وەرناگیرێـت.. وە زۆربــەی كچــان هــەوڵی خوێندنــەوەی بورجــەكان دەدەن كــە لــە گۆڤــار و ڕۆژنامەكاندا بڵاو دەكرێتەوە و بـاوەڕ بـە درۆی ئەستێرەناسـان دەكـەن ، ئەمـەش سەرپێچی یەكی گەورەیە لە بیروباوەڕدا (العقيدة) ، چـونكە كـەس (غـەیب) نهێنـی زەوی و ئاسمان نازانێت جگە لە خوای گەورە.

**١٧ ـ ڕۆشــتن بــۆ كــۆڕ و كۆبوونــەوەی ناشــەرعی :** ســازدانی ئاهــانگ و كۆبوونەوەی ناشەرعی وەك ئاهەنگی سەری ساڵ و ئاهەنگی یـادی لـەدایك بـوون ، ئەمانە سەرپێچین چونكە داب و نـەریتی گاورەكانـە (نصـاری)كانە وە پێچـەوانەی

شەرعی ئیسلامە ، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (( من تشبه بقوم فهو منهم)) واتـە: هەركەس خۆی بشوبهێنێ بە كۆمەڵە كەسانێك ئەوا ئەویش لەوانە.

١٨ ـ **غەیبەت و بوختـان كـردن و حەسـودی بـردن** :ئەمانـەش لـە ڕەوشـتە خراپەكانن كە لە نێوان كچاندا بەدی دەكرێت ، بـە تایبـەتی لـە خوێنـدنگا چـونكە گۆڕەپانی پێشبڕكێی زانستیەیە لە نێوان هاوڕێیاندا.

(أبو هريرة) خوای لێ ڕازی بێت لەپێغەمبەر (ﷺ) دەگەڕێتەوە فەرموویەتی : (( لا تحاسدوا ولا تباغضوا ، ولاتناجشوا ، ولا تدابروا ولا يغتب بعضكم بعضا وكونوا عباد الله إخوانا)) ، واتە: حەسودی بەیەك مەبەن و ڕق و كینە لە نێوانتاندا دروست مەكەن و پارە لە مامەڵەدا زیاد مەكەن ، و پشت لەیەك هەڵ مەكەن و غەیبەتی یەكتر مەكەن ، هەمووتان بەندەی خوا بن و برای یەك بن ..

١٩ ـ **گاڵتە كردن بە خەڵك** :

وریابە خوشكی خوێندكار هەرگیز گاڵتە نەكەی بە كچانی هاوڕێت ، هەرچەندە باڵایان كورت و ناشرین بوو یان شێوەی ڕوخسار و گفتوگۆ كردنیان و جل و بەرگیان جوان نەبوو ، چونكە لەوانەیە تۆش وەك ئەوانت لێ بێ. خوای گەورە دوفەرموێ : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا يَسۡخَرۡ قَوۡمٞ مِّن قَوۡمٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُونُواْ خَيۡرٗا مِّنۡهُمۡ وَلَا نِسَآءٞ مِّن نِّسَآءٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُنَّ خَيۡرٗا مِّنۡهُنَّ ﴾ (سورة الحجرات/١١)

واتە: ئەی ئەوانەی كە باوەڕتان هێناوە با كۆمەڵە كەسانێك گاڵتە بە كۆمەڵە كەسانێكی تر نەكەن ، لەوانەیە لەوان باشتر بن وە با ئافرەتان گاڵتە بە ئافرەتانی تر نەكەن لەوانەیە لەوان باشتربن .

وە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (( المسلم أخو المسلم لا يظلمه ولا يحقره ، بحسب امريء من الشر أن يحقر أخاه المسلم)) ، واتە: موسڵمان برای موسڵمانە ، نەزوڵم و ستەمی لێ دەكا ، نەسوكایەتی پێ دەكا ، بەسە بۆ خراپێتی كەسێك كە سوكایەتی بەبرای موسڵمانی بكات .

**٢٠ ـ خاڵ كوتان و لابردنی مووی برۆ و دان شاش كردن و دانانی قژی دروست كراو ( بارۆكە ):**

ئەمانەش هەمووی سەرپێچین كە كچان دەیكەن ، وە خوای گەورە نەفرەتی لەو كەسە كردووە كە دەیكات ، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (( لعن الله الواشمات والمستوشمات ، والنامصات والمتنامصات ، والمتفلجات للحسن والمغيرات لخلق الله)) ، واتە: خوا نەفرەتی كردووە لەو كەسانەی كە خاڵ دەكوتن و لەوانەش كە بۆیان دەكوتن ، وە لەو كەسانەی كە مووی برۆ و ڕوومەت لادەبەن و لەوانەش كە بۆیان لادەبەن ، وە لەو كەسانەش كە دان شاش دەكەن بۆ جوانی و ئەو شێوەیەی كە خوا دروستیانی كردووە دەیگۆڕن.

أسما ء خـوای لێ ڕازی بێت دەڵێت: ئافرەتێـك هـات بـۆ لای پێغەمبـەر (ﷺ) ووتـی ئـەی پێغەمبـەر کچـێکم هەیـە بووکـە و دەیگوێزنـەوە و تووشـی نەخۆشـی حەصبە بـووە و قـژ بـە سـەریەوە نـەماوە ، قـژی دروسـت کـراوی بـۆ دانـێم ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : (( لعن الله الواصلة والمستوصلة)) ، واتـە: خـوا نـەفرەتی کردووە لەوانەی قژی بارۆکە دادەنێن و ئەوانەی کە بۆیان دادەنێن.

## ٢١ ـ بە فیڕۆدانی کات بە دانیشتن لەسەر ئینتەرنێت :

زۆربەی کچان بۆ ماوەی چەندەها کاتـژمێر لەسـەر ئینتـەرنێت دادەنیشـن بـە بێ ئەوەی هیچ مەبەستێکیان هەبێت لەبەکارهێنانی ئینتەرنێت ، تەنها بۆ گفتوگۆ کردن لە گەڵ هاوڕێکانیان ئەمەش لەدەستدانی کاتە بە بێ سوود.

پێغەمبــەر (ﷺ) دەفــەرموێ : (( نعمتـان مغبـون فيهمـا كثير من النـاس الصـحة والفراغ)) ، واتە: دوو نیعمەتی خوا هەیە زۆربەی خەڵك تێیدا خەڵەتێنراون ، ئەویش تەندروستی و دەست بە تاڵی یە (کات).

وە جێگای گومان نیيە کە ئەنتەرنێت یەکێکە لە هۆیەکانی فێربـوونی زانسـت و زانیاری بەسوود ، بەڵام بە مـەرجێك بـۆ مەبەسـتی بـاش بـە کـار بهێنرێـت ، بـە پێچەوانەوە ئەگەر بۆ قسەکردن و بێزارکردنی خەڵك و گـەڕان بـە دوای شـوێنە بـێ ئابڕوویيیەکان بەکاربهێنرێت ، ئەمانە هەمووی سەرپێچی و تاوانە.

## ٢٢ ـ ( غەش ) فێڵ کردن لە تاقیکردنەوەدا :

ئەمە سەرپێچی یەكی سروشتی یە كە خوێندكاران دەیكەن ، وە ئاشكرایە كە (غەش) فێڵ كـردن حەرامـە لـە هـەموو شـتێكدا بـێ جیـاوازی . پێغەمبـەر (ﷺ) دەفەرموێ : ((من غشنا فليس منا)) واتە : هەر كەسێك فێڵمـان لـێ بكـات ئـەوە لـە ئێمە نی یە .

ئەوەتا پێغەمبەر (ﷺ) هەڕەشەی توندی كردووە لەو كەسەی كە فێڵ دەكا ، بۆیە پێویستە خوێندكاری موسڵمان خۆی لادا لەو هۆكارانەی كە پاڵی پێوە دەنێت بۆ غەش كردن ، وەك تەمبەڵی و كەم تەرخەمی لە سەعی كردن یان خۆ خەریك كردن لە سەعی و خوێندن ، وە لە جێگای هەوڵدان بۆ غەش كردن لە كاتی تاقیكردنەوەكاندا دەبێ سەعی بكات و پشت بە خوا ببەستێ وە داوای یارمەتی هەر لە خوا بكات تاوەكو بە باشی وەڵام بداتەوە و سەركەوتوو بێت لە تاقی كردنەوەكاندا.